بەیاننامەیەك بۆ پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی
لە سەروەختی دارِماندا



# بەرەنگار ببنەوە، پەیوەندی ببەستن و دەنگ هەڵبڕن

# ئێمە کێین؟

لە ساڵی (٢٠٢٠) ـەوە ئێمە وەک گروپێک لە زیاتر لە ٣٠ کەس لە ١٢ ڕێکخراوی جیاواز لە چوار کیشوەرەوە،کە پشتیوانی لە کەسانی بەرکەوتەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی– سیاسی دەکەن، کۆبووینەوە و گەشەمان سەند بۆ تۆڕێک بە ناوی «ئاڵوگۆڕی نێونەتەوەیی بۆ گرنگیدان بە کارمەندان و ڕاهێنانەکانی یاوەریی دەروونی–کۆمەڵایەتی لەو ناوچانەی توندوتیژییان تێدایە»[١] . لە ڕێی ئاڵوگۆڕی بەردەوام و زۆر جار دیجیتاڵییەوە، فێربووین کە وێڕای جیاوازی نێوکۆ و ڕێباز و زمانەکانمان، ڕوانینێکی هاوبەشمان هەیە بۆ کاری دەروونی–کۆمەڵایەتی. لە ڕێگەی ئەم پەڕاوەوە دەمانەوێت دیدگا و نیگەرانییەکانمان دەربڕین و دەرگا بۆ گفتوگۆ و تۆڕبەندی فراوانتر بکەینەوە.

ئارەزووی پەیوەندیکردن دەکەیت لەگەڵ ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی سەبارەت بە چاودێریی ستاف و هاوڕێیەتیی دەروونی–کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی توندوتیژیدا؟

تکایە پەیوەندی بکە بە: mastura.institute22@gmail.com

---

١. لە ماوەی پەتای جیهانیدا، ڕێکخراوی ئالونا بۆ هاوڕێیەتیی دەروونی–کۆمەڵایەتی، هاوکاری – کۆمەڵەی هاوکاریی نێودەوڵەتی و مێدیکۆ ئینتەرناشناڵ، پرۆگرامێکی ئاڵوگۆڕیان لە بواری دیجیتاڵیدا خستەگەڕ.

# بەرەنگار ببنەوە، پەیوەندی ببەستن و دەنگ هەڵبڕن بەیاننامەیەک بۆ پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە سەروەختی دارِماندا

لە جیهانێکی تەژی لە نایەکسانیدا، لە سایەی پەرەسەندنی سیاسەتی ستەمکارانە لە توندوتیژی وێرانکەر و لەدەستدانی ماف لەبەردەم دەسەڵاتی بەهێزترینەکاندا، ئازاری ملیۆنان کەس لە هەڵکشاندایە. وەک دەستەیەک لە کارمەندانی پاڵپشتیی دەروونی–کۆمەڵایەتی لە بەشە جیاجیاکانی جیهانەوە، لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم کاریگەرییە وێرانکەرانەین؛ وەختێک شان بە شانی ئەو کەس و رێکخراو و گرۆیانەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن رێ دەکەین، شایەتحاڵی هەلومەرجگەلێکی بەرگەنەگیراو و سەخت دەبین. لەوەش خراپتر، ئێمە ئەزموونی کەرتێکی دەروونی–کۆمەڵایەتی دەکەین کە رێ بە خۆی دەدات ببێت بە بەشێک لەم کێشەیە. سا بۆیە لە رێی ئەم بەیاننامەیەوە ئێمە نارەزایەتی دەردەبرین دژی خراپ بەکارهێنانی رێبازە دەروونییەکان و لە بری ئەمە، دەمانەوێت روانگە سیاسی و رزگاریخوازەکانی کاری دەروونی–کۆمەڵایەتی بگەڕێنینەوە و، بانگەشە دەکەین بۆ یەکگرتن و یەک دەنگی لەنێو ئەو هاوپیشانەی وەک ئێمە بیر دەکەنەوە.

# بەرەنگار ببنەوە،

## نیگەرانییەکانی ئێمە



**١. کاری دەروونی-کۆمەڵایەتیی دابڕاو لە سیاسەت ڕۆڵی هەبووە لە بێتواناکردندا: ڕەخنەی ئێمە لە چەمکەکانی زەبری دەروونی و بەرگەگری Resilience.**

چوارچێوە دەروونییەکانی وەک زەبری دەروونی، بوون بە ڕێگەی زاڵ بۆ وەسفکردنی ئازاری کۆمەڵایەتی. ئەم چەمکانە ئەگەر سەرەتا لە ڕووی مێژووییشەوە سوودبەخش بووبن، بەڵام بەکارهێنانیان بووەتە هۆی ساردکردنەوە و بێدەنگکردنی بەشە گەورەکانی کۆمەڵگەی دەروونی–کۆمەڵایەتی لە ئاست ناوهێنانی سیستەمەکانی دەسەڵات و نادادپەروەری، بەتایبەتیش چەمکی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD). چەمکی زەبری دەروونی ئەوەندە بەکارهێنراوە و خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و لکێنراوە بە ئەزموونی تەواو جیاوازەوە کە ئیدی لە چوارچێوەی توندوتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا مانای لە دەست داوە. ئەمە مەترسی ئەوەی هەیە کە ئەزموونە دڕندانەکانی تاک و خێزان و کۆمەڵە و تەواوی کۆمەڵگە و کێشمەکێشمە کۆمەڵایەتییەکان بکات بە کێشەیەکی «تاکەکەسی» و وەک «نەخۆشی»سەیریان بکات. بە هەمان شێوە، چەمکی «بەرگەگری» لەلایەن ئایدۆلۆژیای نیۆلیبراڵەوە وەک پاساوێک قۆستراوەتەوە بۆ برەودان بە بیرۆکەی «مانەوە بۆ خۆگونجێنەکان». ئەم چەمکە مەیلی بەلای ئەوەدایە کە مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی کۆمەڵایەتی و پەراوێزخرانی تاکە پەراوێزخراو و گروپە کۆمەڵایەتییەکان بخاتە ئەستۆی خۆیان. لەبری داکۆکی کردن لە پاراستنی گشتی و گرنگیپێدانی کۆمەڵایەتی، چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت «خۆڕاگرییان باشتر بکەن» و لەنێو نامرۆڤانەترین هەلومەرجەکاندا بمێننەوە.

**٢. ڕێبازی دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ دادگەری و ئاشتەوایی وەک ئامراز بەکار دەهێنرێت.**

ئەو تاوانە مەترسیدارانەی بەرانبەر بە مافە مرۆییەکان لە نموونەی ئەشکەنجەدان و کۆمەڵکوژی و جینۆساید یان تاوانە کۆلۆنیاڵەکان لەلایەن دەوڵەت و دامەزراوەکانەوە ئەنجام دەدرێن، بە دەگمەن ڕووبەڕووی دادگەری و لێپرسینەوە دەبنەوە. لەبری ئەوە، پڕۆگرامە ڕوکەشییە دەروونی–کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵە سەرپێییەکان جێگەی قەرەبووکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی یاسایی دەگرنەوە. لە ڕاستیدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نادادپەروەرییەی بەرانبەر بە ڕزگاربووان کراوە پێویست بە شتێکی زیاترە لە ڕێنماییکاری: دەبێت دادپەروەری یاسایی و قەرەبووکردنەوە و دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان و، مۆنۆمێنت و چوارچێوەیەکی بەهێز و، کلتورێک لە مافی مرۆیی بوونی هەبێت.

**٣. گرنگیپێدان Caring بەشێوەیەکی سیستەماتیکییانە کەڵکی خراپی لێ وەردەگیرێت.**

ماندووبوون و شەکەتیی دەروونیی کارمەندانی پاڵپشتی دەروونی–کۆمەڵایەتی بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە. نەک تەنها توندوتیژی و چەوساندنەوە لە زیادبووندایە، بەڵکوو ئەرک و چاوەڕوانی زیاتریش ئاڕاستەی کەرتی دەروونی–کۆمەڵایەتی دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە پشتگیری و پاراستنی گشتی و سەرچاوە داراییەکان و، گرنگیدان بە هەلومەرجەکانی کارکردن کەمبوونەتەوە. زۆرجار ڕێکارەکانی «گرنگیدان بە خود Self-Care» و «گرنگیدان بە کارمەندان Staff Care»، کاریگەرییە چەوسێنەرەکان دەخەنە ئەستۆی تاک و بەرپرسیاریەتییەکە دەدەنە پاڵ ستراتیجییە تاکەکەسیەکانیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ.ئاستەنگییەکاندا.

# پەیوەندی ببەستن

## چۆنییەتی تێگەیشتنی ئێمە
## بۆ یاوەریی دەروون-کۆمەڵایەتی



**١. کاریگەریی توندوتیژی کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی-سیاسییە.**

مرۆڤەکان لە بنەڕەتەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، سا بۆیەش دەروونناسی هەمیشە بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە. «قەیرانە دەروونــی» یە جۆراوجۆرەکانی ئەو کەس و تاقمانەی ڕووبـەڕووی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەبنەوە «کاردانەوەی ئاسایین بۆ بارودۆخێکی نائاسایی». دەروونناسی تەنها پڕۆسەیەکی دەروونی نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیشە. ئەو زەبرە دەروون-کۆمەڵایەتییەی لە ئاکامی توندوتیژی سیاسی و جەنگەوە دروست بووە، کاریگەری لەسەر ئاستی تاک و خێزان و گروپ و ئاستی کۆمەڵایەتی جێدەهێڵێت. ئێمە ڕوو لە کۆمەڵ دەکەین، لەبەرئەوەی کاریگەرییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵن. ئەگەر بێین و سروشتی «نائاسایی» و «نەخۆش»ی توندوتیژیی ستەمکارانە دەستنیشان بکەین و شەرمەزاری بکەین، ئەوا لەو لەکەیەی تاک بە «نەخۆش» نیشان دەدات دوور دەکەوینەوە. سەرباری ئەوەی توندوتیژی دەکرێت کاریگەریی دەروونی-سۆزەکی و دەروونپزیشکی هەبێت، ئێمە داوای تێگەیشتنێکی فراوانتر دەکەین بۆ ئەو کاریگەرییانەی لەسەر بارودۆخی ئابوری و دیدگا و پڕۆژە سیاسیەکان و پەیوەندی و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان جێی دەهێڵێت.

**٢. ئێمە تەنها سەرنج ناخەینە سەر نیشانەکانی ئازار و ناڵاندن، بەڵکوو سەرنج دەخەینە سەر هۆکارە ڕیشەییەکان و دەرەنجامەکانیشی.**

کاری دەروون-کۆمەڵایەتی ئەو نێوکۆیە لەبەرچاو دەگرێت کە خەڵکی تێیدا دەژین و کار دەکەن، لەنێویشیاندا کارمەندانی پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی کە بەشێکن لەو نێوکۆیە. ئەمە ئاماژە دەدات بە پێویستی شیکارییەکی بـەردەوام بۆ پەیوەندییە دەسەڵاتییەکان لە ئاستە جیاوازەکانی نێوکۆکەدا، وەکوو ئاستی ناوخۆ و نەتەوەیی و نێودەوڵەتی: بکەرەکان کێن؟ بەرژەوەندییەکانیان چییە؟ میکانیزمەکانی چەوساندنەوە و چەپاندن چین و نیاز و مەبەستی پشتیان چییە؟ هەروەها، ئێمە شیکاریی بۆ کاریگەرییەکانی ئەم پەیوەندییە دەسەڵاتییانە لەسەر تاک و دەستە و کۆمەڵەکان و ئەو میکانیزمانە دەکەین کە خەڵکی بەکاریدەهێنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. ئەم شیکارییە گشتگیرە ڕێگە بە زیادبوونی هۆشیاری بەرانبەر بە داینامیکەکانی توندوتیژی دەدات و ئەزموونەکە بە سیاسی و نێوکۆ دەکات.

**٣. ئێمە تاک تێدەپەڕێنین، ڕۆڵی «بکەر Agency» وەردەگرین و شەڕی نادادی دەکەین.**

پشتگیری دەروون-کۆمەڵایەتی دەتوانێت و دەبێت بەشداربێت لە بەهێزکردنی ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی کۆمەڵایەتی-سیاسی بوونەتەوە و پەرە بە «بکەربوون» بدات. بەدەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێویستییە دەروونی و سۆزەکییەکانی تاکدا، کار دەکات بۆ بونیادنانەوەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتی و دیدگا دەستەجەمعییەکان و توانایی بۆ ڕێکخستنەوەی دادپەروەری. ئەمەش پشتگیری قوربانی و ڕزگاربووان بۆ دەستنیشانکردنی نادادپەروەری و دووبارە پێناسەکردنەوەی زیان و، بەرەنگاربوونەوەی دەربازبوون لە سزا و لەکەی کۆمەڵایەتی، لەخۆ دەگرێت. هەروەها دەکرێت کاری دەروونی و -کۆمەڵایەتی ململانێکانی «پەرتکە و زاڵ بە» چارەسەر بکات و کەشفی ئەو زەبرە دەروونی و- کۆمەڵایەتییە بکات کە شێوەی داوە بە ڕێکخراوو خێزان و نەوەکان و بەشدار بێت لە خولقاندنی ڕووبەرێکی سەلامەت بە مەبەستی جەنگین دژی بەنێوخۆیبوونی شاراوەی چەوسانەوە. بە ئەنجامدانی ئەمەش یارمەتی دەستە و گروپەکان دەدات کە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەییان هەبێت و سەرچاوەکانی خۆیان بناسن، هەروەها بەرەنگاری کاریگەرییە دوورمەوداکانی توندوتیژی ببنەوە.

### ٤. ئێمە پەیوەندی هاوسۆزیی متمانەپێکراو و ڕەخنەگرانە بونیاد دەنێین.

زۆرێک لەو هاوپیشە و ڕێکخراوانەی کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی دەکەن، بە بەشێکی ئەم گروپەشەوە، خۆیان لە بارودۆخی هەستیار و ئاڵۆزدا دەژین، کە سەرچاوەی مرۆیی و ئابوورییان نییە و بەهۆی کارەکەیانەوە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە. هێزێک لە پشتیوانیکردنی ئەو کەسانەی خۆیان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بۆ ئەوانەی بە هەمان ئەزموونداتێدەپەڕن، دەبینرێت. ئەو پەیوەندییەی ئێمە بونیادی دەنێین لەگەڵ ئەو کەسانەی پشتیوانییان دەکەین هەڵوەستەیەکی سیاسی و گرنگی لەگەڵدایە:

- ئێمە برەو بە سەربەخۆیی دەدەین نەک وابەستەیی و، دان دەنێین بە ئیرادە و توانا و مافی بڕیاردانی هەمووواندا. ئێمە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵوەستە لەسەر ڕۆڵە جیاوازەکان لە پەیوەندییەکان و، داینامیکی هێز لەنێوانماندا دەکەین.
- ئێمە گرنگی بە دروستکردنی ڕووبەرێکی سەلامەت لە بونیادنانی متمانە و پەیوەندی دەزانین. هەتا ئەگەر ئەم شوێنانە کاتیش بن، دەبێت شوێنێک بن بۆ ڕێزگرتن، شکۆ و متمانە و دوور بن لە خراپ مامەڵەکردن بە دەسەڵاتەوە.
- ئێمە برەو بە ڕامان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ستراتیجییانە دەدەین بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونەکان و، پەیوەندییە دەسەڵاتییەکان لە نێوکۆکاندا.
- ئێمە هاریکاری وەک پراکتیزەیەک پەیڕەو دەکەین نەک قسەی زارەکی، هەروەها گەشە بە پەیوەندییە گرنگیپێدەرە ڕزگاریخوازەکان دەدەین.

# دەنگ هەڵبڕن

## بانگەوازی ئێمە بۆ کردار



**١. کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی پێویستە سیاسی بێت.**

• لەبەردەم نادادپەروەری و بێڕێزی و ناشکۆمەندی جیهانیدا، کاری دەروونی –کۆمەڵایەتی واتا خەبات بۆ ڕێگریکردن لە زیان و پاراستنی مافە مرۆییەکان بۆ هەمووان. پێویستە دەنگمان بەرز بێت لە بەرەنگاربوونەوەی بەکۆمەڵی نایەکسانی و داواکردنی دادپەروەری. هەروەها، کار بکەین بۆ ڕێگریکردن لە خودی توندوتیژی، لەجێی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەنجامەکانی زیان.

• پێویستە وردبینی بۆ پەیڕەوە تەندروستییەکانی حکومەت بکەین — ئایا ئەم پەیڕەوانە برەو بە باشبوون Wellbeing دەدەن؛ ئایا ژینگەیەکی گونجاو بۆ برەودان بە تەندروستی دەڕەخسێنن، ئایا ڕێز لە هەلومەرجە مرۆییەکان دەگرن؟

• پێویستە بەشداری لە کایە یاسایی و سیاسەتدارێژییەکاندا بکەین و بەشداربین لە گۆڕینیاندا. پێویستە ڕووبەڕووی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ببینەوە لە تێوەگلانیان لەم دۆخەدا و داوای خستنەناوەوەی ڕێبازی دەروون–کۆمەڵایەتی بکەین لە شیکاری و بەیاننامە و کردارەکانیاندا. بۆ ئەوەی تەنها ناوی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ نەهێنن، بەڵکوو کاریگەریشیان لەسەر کەسەکان دەستنیشان بکەن.

• پێویستە پێکەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە ڕێگایەکی بەکۆمەڵ بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەرییەکاندا. دەبێت دارشتنەوە بە تێگەیشتنە زاڵەکان لەسەر «ساغبوون و تەندروستی» بکەین و مەرجە پراکتیزە چارەسەرییە خۆجێی و بەستێنییەکان وەک بەشێک لە ساغبوون و چارەسەری بەکۆمەڵ لەبەرچاو بگیرێن.

**٢. پاراستنی کارمەندانی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لەڕێگەی گرنگیپێدانی بەکۆمەڵەوە** Collective Care.

• ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی Exploittion کارمەندەکان بە واتای باشترکردنی ڕووکەشانەی ستراتیجییەکانی گرنگیدان بە خود بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شەکەتی دەروونیدا نایەت. بەڵکوو بەوە دەست پێ دەکات دان بنێین بەوەی ئێمە گرنگیپێدەری «بریندارین– Wounded Carers ».

ئێمە پاڵەوان نین، ئێمە خۆشمان لەژێر هەمان بارگرانی و هەلومەرجی نەخوازراودا دەژین، لەگەڵ ئەوەی دەکرێت کەمتر لەو کەسانەی گرنگییان پێ دەدەین زیانمان بەرکەوتبێت. دانان بەم برینداریيەدا ڕەنگە ئەوەبێت کە کاری دەروونی–کۆمەڵایەتیی سیاسی لەو ڕێبازە باوانەی کە تێیدا خۆت وەک «پسپۆڕ» و «شارەزا» نیشان دەدەیت جیادەکاتەوە.

• بریندار‌بوون واتا ئێمە هەموومان لەناو «چوارچێوەیەکی سەرمایەداری، پیاوسالاریی کۆلۆنیالی نیۆلیبراڵدا» دەژین، هەموومان بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری پێکهاتە دەسەڵاتییەکانمان لەسەرە؛ ئێمە لە دەرەوەی ئەو سیستەمە نین کە ئەو کەسانەی گرنگییان پێ دەدەین لە کاری دەروونی–کۆمەڵایەتیدا بۆمان باس دەکەن. ئەگەر «گرنگیدانی بەکۆمەڵ» وەک چەمکی ناوەندی وەربگرین، ئەوا دەبێت بە گرنگیدان بە خۆمان و ئەوانی تریش لە ڕزگاربووان و کارمەندانی تری پاڵپشتی دەروونی–کۆمەڵایەتی و، جەنگان بۆ پەیوەندییەکی گرنگیپێدانی شکۆدارانە و هەلومەرجێکی ڕێزداری کارکردن.

### ٣. بەهێزکردنی پەیوەندی ناوەکی و بونیادنانی تۆڕی نێونەتەوەیی.

• جیهان تا دێت بەرەو پەرگیری دەچێت. بەپێچەوانەی ئەم ڕەوتەی جیهانەوە، دەبێت پراکتیزەکانمان پەرە بە پێکەوەبەستراوی بدەن. بنەماکە ئەوەیە:»ئەوەی کاریگەری دەکاتە سەر تۆ ، دەبێت کاریگەری بکاتە سەر منیش». پێویستە دیدگای ڕزگاریخوازانە و توانای گۆڕانکاری بۆ کاری دەروونی-کۆمەڵایەتی دژی ڕێکارە زاڵەکان وەربگرینەوە.

• گۆڕینی مرۆڤایەتی پێویستی بە پەیوەندی و هاوسۆزی و پابەندبوونە. پێکەوە دەتوانین ئیرادە و هێز دروست بکەین بۆ دەستێوەردان و گۆڕانکاری. «ناسرەوین تا هەموو لایەکمان باش نەبین».

• هێز هەیە لە هاوکاریکردن و ئاڵوگۆڕ لەنێوان سنورە جوگرافی و پیشەییەکاندا. ئێستا کاتی ئەوەیە تۆڕی بەهێزی سیاسی و نێونەتەوەیی دروست بکەین! لەم ساتە مێژووییە لە گۆڕانی گەورەی جیهانی، دەبێت کارمەندانی پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی لەودیو سنورەکانەوە کۆبکەینەوە و دەنگمان لە هەر ساتێک بەرزتر بکەینەوە لە دژی نادادپەروەری. گۆڕانی جیهانی پێویستی بە دەنگی جیهانییە— لەو دیو سنوورەکانەوە پەیوەست بە و دەنگ دژی نادادی هەڵبڕە!



**ئاڵوگۆڕی نێونەتەوەیی بۆ گرنگیدان بە کارمەندان و ڕاهێنانەکانی یاوەریی دەروون-کۆمەڵایەتی لەو ناوچانەی توندوتیژییان تێدایە**

ڕێکخراوی یاوەریی دەروون–کۆمەڵایەتیی ئالونا (مەکسیک)

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. کارین ملودۆخ؛ د.شارلۆتا سیپێڵ و پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. کەیت شیس لە زانکۆی تایبەتیی سیگمۆند فرۆید لە بەرلین (ئەڵمانیا)

بێرێنیس مێینتجس، پرۆژەی تۆڕبەندیی کارمەندانی تەندروستیی کۆمەڵایەتیی مێدیکۆ (باشووری ئەفریقا)

د. سیمۆنە لیندۆرفەر، ڕێنماییکاری دەروونزانیی ڕزگاریخوازانە لە کارکردن لەگەڵ زەبری دەروونیدا (نەمسا، ئەڵمانیا)

د. ڤیلما دوکێ ئارێلانۆس، ڕێنماییکاری دەروون–کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ (گواتیمالا، ئەڵمانیا)

تیمی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکیە دەروونی– کۆمەڵایەتییەکان – ECAP (گواتیمالا)

کۆمەڵەی هاوکاریHAUKARI—بۆ هاریکاری نێودەوڵەتی (ئەڵمانیا، هەرێمی کوردستانی عێراق)

کۆمەڵەی (ئەل–ئەمەل) ی عێراقی (عێراق)

تۆڕی ژنانی عێراقی (عێراق)

ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی خانزاد (هەرێمی کوردستانی عێراق)

مارگەریتا کۆڵدیرۆن، ڕێنماییکاری دەروون–کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ (نیکەراگوا)

ئینستیتیوتی مەستوورە بۆ زانستە کردارییە دەروونی–کۆمەڵایەتییەکان (هەرێمی کوردستانی عێراق).

ڕێکخراوی مێدیکۆی ئینتەرناشناڵ (هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان، ئەڵمانیا)

ڕێکخراوی دیموکراتی گەل (عێراق)

سینانی– پرۆگرامی KZN بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی (باشووری ئەفریقا)

خزمەتگوزارییە دەروونییەکانی کۆمەڵگەی سۆفیا تاون (باشووری ئەفریقا).

سەنتەری زەبری دەروونیی کامیرۆن (کامیرۆن)

ڤالێریا پاتریشیا مۆسکۆسۆ ئورزوا، ڕێنماییکاری دەروون–کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ (مەکسیک)

V.i.S.d.P. :Luqman Saleh Karim, The Mastura Institute of Applied Science in Psychosocial Work, Slemani, Kurdistan Region of Iraq, 26th Street House No.14